# پیاسەیەك لەگەڵ بوزادا

"گۆڕینەوەی فرمێسکی خەڵك بە بزەی شادی ، باشترین کامەرانییە"

بوزا

عومەر کەریم بەرزنجی

هەڵفڕینی باڵندەیەك، لەنێو تەلی دڕکاوی قەدەردا
هەڵاتنی کەنارییەك، لە قەفەسی باڵکراوی تەنیاییدا
ئاوابوونی خەونێك لە کۆشی قەدەری نامۆییدا،
ئیدی نەورەسەکانی کەنار، نایەنەوە نێو کوخەکانی خۆشبەختی
ماسیەکانی بەختەوەری، لە سوێری ئاوی ئەو دەریایانە تێناگەن
کەنارییەکان لەسەر بانیژەی قەدەری ئەم بوونە ناوەستن و
لە تریفەی گۆنا هەوەسبازەکانی مانگ رانامێنن...........
ئەی قەسیدەی ئەتك کراوی رۆحی من،
لە رۆخ ئەو رووبارەدا
بەشوێن مرواری بەختی خۆتا مەگەڕێ
گۆزەکانی ئومێد، پڕن لە ژەهری بەدبەختی،
پڕن لە
خوێنی گەردنی ئیسماعیل
ئێوە دێن، ئەی یەهودا، ئێوە دێن
ستیانەکەی مریەم سوور دەبێت، سوووورر، سووووووووور
منیش دەست دەکەمە ملی بوزاو،
داوای ڕاڤەی جەینیزمی لێدەکەم
لە سمێڵە بابڕ بابرەکەی نیتشە رادەمێنم و لێی دەپرسم،
کە خوا مرد لەسەر کام تاتە شۆر شۆردیان؟!
چەند گەز خامیان کرد بەکفن!!
بە کوچەکانی قەدەردا، لەگەڵ مووسادا
پیاسەیەك دەکەم و پێی دەڵێم،
روانینەکانی خۆتم پێببەخشە
راڤەی شۆڕشم بۆ بکە:
شۆڕش کەحێلێکی گلاوی نێو دڵی گیڤارایەکە
خاك دەیگوت: پرتەقاڵ و گێلاسەکانت پێدەبەخشم
تۆیش خوێنت
شۆڕش وتی: من خەنجەرێکت پێدەبەخشم،
تۆیش کەزی کچە عەیارەکان
شۆڕش کوڕێکی بزێو بوو، خەنجەر مامانی بوو،

نیشتیمان دایک، زام باوک

شۆڕش دەرۆزەکەرێک بوو

لە تارانا بۆ نێرگسە جاڕ دەگەڕا، لە دیمەشقا

ئابڕوی کەنیزەکەکانی عەرعەری کۆدەکردەوە،

لە ئەنقەرەو باغی داد دا

کەڤەڵی سۆزانییەکی، بەجامەدانیەکەی شانی،

بۆ میر خاوێن دەکردەوە.

خاک کەڤاڵێکی خوێناوی گوێچکەی بڕاوی ڤانکوخە..

خاک سۆزانیەکەو ئابڕوی لە گیرفانی گەوادی مەلهاکانداپە...

خاک گۆڕستانێکە پڕلە تفەنگی ژەنگاوی

پڕلە خەنجەری خوێناوی!!!؟؟؟

ئەی وەتەن، کەنیزەکی ئەتک کراوی تیاترۆخانەکان

وەنەوشەی ژێر سمکۆڵانی ئەسپە شێ ی پێش گلان

تۆ نەبووی نا نەخێر تۆ نەبووی، لە بەردەم

تەیموردا دەلەرزای

من بۆ خۆم.....

گوێم لەسەر سنگت بوو، لێدانی دڵی تۆم دەژمارد

وەک ئێستا هیچ کاتێک، لە ژووری ئینعاشا

وا مەلوول نەکەوتویت

هیچ کاتێک وەک ئێستا،کاتێک، هیچ، وەک، ئێستا

نیشتمان، ژنێکە لێوان لێو لە حەزوو لە شەهوەت

دەنگێکە بێدەنگتر، لە شەهید

نیشتیمان دەتەوێ سترانی مەرگی خۆت گوێ لێ بێ

گوێ بنێ بەدڵی خاکەوەو،

ترپەی پێ ی شەهیدێ بژمێرە

واگەلە گورگێکی قەترانی، لە بنار

لە بۆسەی مێگەلی خەونێکدان

دەزانی بۆچی من ناپرسم، هۆ گەلۆ

تۆ لەکام ڕەوەزا هەڵدێرای

تۆ راڤەی ددانە تیژەکانی پڵنگت

بۆ کارمامزەکان دەکردوو

کەڵە کێوییەکانت لە کودەتای کارژۆڵەکان بەئاگا دەهێنا...

نیشتیمان تۆ نەبووی، نا نەخێر تۆ نەبووی،

پرچی بڕاوی

مریەمت، لە بەردەم خاچێکدا پێشکەشی یەهودا دەکردوو،

ئینجیلت دەکردە

پێخۆری ژیلەمۆی سووتانی عیسایەک

ئەی یوسف، بە لیباسەکەی تۆوە دێم

لە پێدەشتی خوێنەوە

بە سێڵاوی برینداا رێدەکەم

من بەخاچێکەوە دێم، لەبەردەم کوخی گومانا

وانەکانی شمشێرە خوێناوییەکەی یەزید دەخوێنمەوە

ئێوە بەسەری براوی حسەینەوە، لە دەروازەی کوفە

ئەدەن،

ک

و و

ف ف

ە ە

دەروازەی خوێن، رۆحی پرزۆڵە بووی ماریا، سێگۆشەی مەرگ

سارتەر نامەکانی بێهودەیی دەسوتێنێ

کامۆ ئەفسانەکانی مێژوو دەگێڕێتەوە

بەرلەوەی عیسا لە باوک بێت، سیزیف

بەردەکەی سەرشانی فڕێداو، دڵداری لەگەڵ خۆردا کرد

بەر لەوەی مانگ لە دایک ببێت، حەوا شەیتانی فریو نەدابوو

ئادەم قۆخەکانی لەزەتی لە باخچەی ئەویندا نەچنیبوو

سۆهراب، دەبێت چاومان بشۆین، سەرلە نوێ ڕاڤەی ژیان بکەین،

لە قەفەسی کەناریەکاندا، داڵ رادەگرین، شەمشەمە کوێرە راگرین

لە حەرەمی ماڵە کانمانا، پڵنگ دەستەمۆ دەکەین، شێر دەکەینە میوانێکی

سەنگینی نێو دیوەخان و هاوڕێی منداڵە کانمان.

لە قەفەسی زێڕینی خەونەکانماندا،

باڵی پەپولەکان هەڵناوەرێنین، دڵی ناسکی

سیسرکەکان، فرێ نادەینە سەبەتەی

بەردەم ژوورەکانی ئینعاش، بەردەم

قەدەرەکانی ماڵ ئاوایی.

ئاسکەکان لە سەر سفرەی سەنگینی دیوەخانەکان ناکەین بەپێخۆر

بە سەبەتەیەک گوڵە شەوبۆوە، بەسەر چیمەنی ژیاندا رێناکەین

نەبا گۆناکانی زەرد هەڵگەڕێ، نەبا فرمێسک

چاوەکانی سورکاتەوە.

بە کەنارییەکان بڵێن، نەکەونە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی مەرگەوە

عیسا لە یەکێک لە پەرەگرافەکانی ئینجیلدا دەفەرموێ

کێ مەرگم بۆ راڤە دەکات،

لە خاچەکەم دێمە خوارێ و چاوی خۆمی پێدەبەخشم

کێ ژیان لە بێشەی مەرگا دەردێنێ و نامەی ژەنەراڵەکان دەدڕێنێ

دەبێتە کوڕی مەریەم، ئاوی نەمری دەخواتەوە.

لە مەیخانەی خەیامدا، ئاوی نەمری مەیە، مەی

ئەی یار

پردی سیراتیش تاڵە دەزویەکە،

لە بەینی دوو لیمۆوە رەت دەبێ

کانی ژیان لە بەینی دوو لیمۆدایە، یان

لە بەینی دوو قۆخدا، تاڤگەکانی لەزەت

لە زێی کام ژیانەوە دێنەدەر، لە سنگی کام

شای پەریانەوە هەڵدەقوڵێ.

وەکو دوو نەورەسی کۆچەر،

بەکوچەکانی قەدەردا رێئەکەین

حیکایەتی ماڵئاوایی پەپوولەکان، دەنووسینەوە

دوا وێنەی هەڵوەرینی نەرگسێک تۆمارەکەین

چاو بەو ئەلبومەدا دەگێڕم کە رابردوومان

چرکەیەکی راوەستاوە، نەدەبزوێ

چرکەیەک تێیدا سۆهراب

سکێچی زەردەپەڕو هەڵوەرینی باڵە ناسکەکانی

پەپوولەیەکی تیا کێشا.

قەدەری مەرگە گوڵم، قەدەری فەنابوون

قەدەری نامۆییە ئەی یار،

وەرزی سەفەری پەڕەسێلکەکانی خۆشبەختی

وەرزی گەڕانەوەی نالی بۆ زێدەکەی حەبیبە

بەسەرچوو

خاک و خۆڵ مەنفایە ئەی یار

رامبۆ لە دیوەخانەکەی زەردەشتا سەبەتەیەک شەوبۆی ئەوین دەچنێ

لە میحرابی شیعرەکانی شاملۆدا" دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن

نەبا رۆژێ وتبێتت خۆشم دەوێی

دێن بۆن بەدڵتەوە دەکەن

دنیایەکی سەیرە گوڵم"

لە میحرابی برۆتا بەرماڵی ئەوین راناخەم

ئیدی نیگا شەرمنەکان کۆ ناکەمەوانێ ئەی گوڵ

سەبەتەیەک ماچ،

سەبەتەیەک سێو،

سەبەتەیەک گوڵ،

سەبەتەیە پەپولە،

فنجانێ ژەهری ماڵ ئاوایی، فنجانی دەستی قاوەگرەوەیەك

وەسێتی کچە قەرەجێکی کۆچەر لە بەردەم دەواری قەدەردا

شکانی ئینجانەیەك لە حەرەمسەرای باخچەکانی شکۆدا

ماڵئاوایی پەپولەیەك لە قەفەسی تەنیایدا، لە باڵکۆنی

ماڵی تەنیایی ئەویندا.

ئەستێرەکەی من ئەی داود لە ئاسمان دێتە خوار

مانگ راڤەی ئەم مەرگەی پێناکرێت

مانگ کچێکە شەرمن،

لە ژوانی تەنیاییدا تەسبیحی زەمەن دەپچڕێو

گوڵەکانی ئومێد هەڵدەوەرێن.

حافزیش ناتوانێت نامەکانی چاوەڕوانی بخوێنێتەوە

سبەی لە ئاوێنەکەی حافزدا، خوێن بەربوونی باخچەیەکە

شکاندنی چڵە نەرگسێکە لە باخچەکانی تەنیاییدا.

لە ئاوێنەکەی حافزدا

ئەو تەمانە ناڕەونەوە

قەلە ڕەشێك لە باخچەکەدا

دەنووك لەو هەنارانە دەگرێ و

نێرگسێك نەزیفی لەزەت دەیگرێت

مارێك لەنێو گەڵا وەریوەکاندا

چاو لەو سێوانە دەبڕێت

راڤەی جوتبوونی

بۆ گێلاسەکان دەکات و

لە دەرگاکانی حیکمەتەوە

لە شەیتانی بوونی ئەو نێرگسانە دەڕوانێ

کە ئامێزیان بۆ ئەو رێواسانە دەگرتەوەو

چاویان لەو پەروانانە دادەگرت

لە حزووری شەمدا دەتوانەوە.

حیکمەتەکانی عاشقبوون

لە جووت بوونی دوو پەپوولەدایە

بەسەر پەلی سەوزی دارچنارێکەوە

ئەی باڵندەی شەکەتی دڵ

رێگاکان دەمانبەنە نێو ئەو کوخەی

لەشەوی لەدایك بوونماندا

کەنارییەکان...

تەڵقینی مەرگیان داین و

نەمانتوانی

لە پەنجەرەکانی ئومێدەوە

لەو کۆترە خۆشبەختانە بڕوانین

بەئاسمانی حوزندا...

هەڵدەفڕین.

فڕینی نەورەسێک، لە ئاسمانی تەنیاییدا

وەل وەلەی مەخلوقە لەدەوری عەرشی کەلاوەی عەشق

وەرزی سەفەرە گوڵەکەم،

وەرزی چاولێک نانی پەڕەسێلکەی عەشقە

ئیدی خانەقای ئەوین، پڕە لە زیکری تەنهایی

پڕە لە هەناسەی خنکاوی پۆلە نەورەسێکی کۆچەر.

ساتێک بەرلەوەی تەڵقینی زێوانەکان دابدەن

مردوو شۆرەکان مانیانگرت،

مەلاکان دوا ئایاتی نەفخی صوریان دەخوێندەوە

فرۆید راڤەی نیگا شەیتانیەکانی سەگەکەی باڤلۆڤی دەکرد

منی نامۆ، لە پەنجەرەی قەدەری تەنهاییمەوە

دواین ئایاتی خۆشبەختی

کەناریی سەر گوێسەبانەی قەدەری لێک دابڕانێک

بۆ یەعقوبێکی پێغەمبەر

لە گەرووی ناهەنگی نامۆییدا دەخوێنمەوە.